# کاریگەری ئاین لەسەر خۆکوژی مناڵ



فایەق سەعید دەینوسێت
سوید
faiekk@hotmail.com

● ئاین یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی ستروکتوری کۆمەڵگای ئێمە. ئەم بنەمایە بەتایبەت لەرۆژهەلاّتدا تاوەکو ئێستاش رۆڵێکی یەکجار گەورە دەبینێت لەدارِشتنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکان، یاساکان، یاسا بنەرِەتییەکان، تێروانینەکانی خەڵك بۆ ژیان، بۆ مەرگ.. و هتد.

ئەوەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەبێت تێرِوانینی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ مەرگ .لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا مەرگ شتێکی پیرۆزە چونکە مرۆڤ دەگەرِێتەوە بۆ لای خواو دوای رۆژی حیساب ئیدی مرۆڤ لەبەهەشتێکی هەتاهەتاییدا دەژێت. لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤ ژیانی ئەو بەهەشتەی لەژیانی سەر زەوی پێ بەنرخترە، بۆیە هەمیشە لەناو کۆرِو کۆبوونەوەکاندا باس لە بێبەهایی ئەم ژیانە دەکات..

منالّ لەدوای گەورەکانەوە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە خاوەنی هەمان تێرِوانین و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منالّ چیدی ئەم ژیانەی هێندە بەلاوە بەئەرزش نەبێت، یا بەلایەنی کەمەوە جارجار برِوانێتە ژیانی خۆشگوزەرانی ناو بەهەشت. ترسناکی ئەم بیروبۆچوونە لەوەدایە هەرکات منالّ خۆی لەکەشوهەوایەکی ناتەندروستدا بینیەوە، بۆ نموونە تووشی بێزاری و خەمۆکی هات، تووشی گرفتی بەزۆر بەشوودان هات، تووشی گرفتی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی هات، تووشی گرفتێك هات لەقوتابخانە.. هتد، ئیدی ئەو بیروبۆچوونانە (لەبەر رۆشنایی تێرِوانینەکانی ئەوان بۆ بەهەشت)رێگە بۆ کاری خۆکوژی خۆشدەکەن. بەدەر لەمەش کاتێك گەورەکان بەو خۆشیەوە باس لەبەهەشت دەکەن و باسی بێزاری خۆیان لەم ژیانە دەکەن، حەزێك لەناو منالّدا دروست دەبێت بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بەو بەهەشتە شاد بێت یا بیرێك لەلای سەرهەڵدەدات کەپێیدەڵێن بیری خۆکوژی، چونکە کاری خۆکوژی بەدەر لەوەی منالّ دەگەیەنێتە بەهەشت لەو گرفتەش کەخۆی هەیەتی رزگاریدەکات. لەیادمە بەمنالّی باوکم هێندە بەلەزەت باسی بەهەشتی دەکرد بەئاواتەوە بووم هەرچی زووتر بمرم بۆ ئەوەی ئەو جێگەیە ببینم کەبرِیار وابوو پرِبێت لەیاری.

ئەم بیری خۆکوژییە کەدواتر پەیامەکان و دواتریش هەوڵەکانی خۆکوژی بەدوادا دێت، لەسەر دوو پایە رادەوەستێت" یەکەمیان ئەو هەست و سۆزەیە کەخودی منالّان بەرامبەر بەدونیای پۆزەتیڤانەی پاش مەرگ (واتە بەهەشت) هەیانەو دووەمیشیان ئەو تورِەیی و بێزارییەیە کەئەوان بەرامبەر بەژیانی نێگەتیڤانەی سەر زەوی هەیانە. منالّ لەکاتی گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکاندا، لەکاتی شپرزەیی و خەمۆکییدا، لەکاتی تەنگپێهەڵچنینی مالّەوەدا زۆر بەئاسانی هەستی دەربازبوون لەگرفتەکان تیایدا بەرەو ئەوەی دەبات بیرێك لەم بێزارییەو لەو بەهەشتەش بکاتەوە کەمرۆڤ پاش مەرگ پێیدەگات. کاریگەری هەر لەم بوارەدا Anthony & Bhana لێکۆڵینەوەیەکیان سازکردووە بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان بیرکردنەوەی هەندێ کچی ئەفریقایی موسوڵمان و هەندێ کچی ناموسوڵماندا بکەن. ئەوان گەشتوونەتە ئەو رایەی کەکاریگەری ئاین بەسەر کچە موسوڵمانەکانەوە لەمەرِ بیرکردنەوە لەئاستی مەرگدا زۆر بووە ،بۆ نموونە منالّە موسوڵمانەکان پێیانوابووە مردن کۆتایی دونیا نییەو دەکرێ کەسی مردوو زیندوو بێتەوە بەلاّم پاش ئەوەی لەتاقیکردنەوەیەك دەردەچێت کە فریشتەکان بەرێوەی دەبەن. هەروەها ئەم دوو نووسەرە ئاماژە بەو ریتوال و سیرمۆنییەش دەکەن کەلەکاتی ناشتنی مردووەکاندا بەرِێوە دەچن. بەشێوەیەکی دی لەکاتی تەڵقیندا مردوو ئامادەدەکرێت بۆئەوەی بتوانێت وەلاّمی ئەو پرسیارانە بداتەوە کەفریشتەکان لەو دونیا لێیدەکەن. ئەم خۆ ئامادەکردنە لەلای منالّ دەبێتە رێگاچارەیەکی ئامادەکراو یا ئەرلّتەرناتیڤێکی تر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان چونکە گەشەسەندنی پۆزەتیڤی منالّ ئەم جۆرە کاریگەرییە دابین دەکات.

بەهەمانشێوە دەبێ بیرکردنەوەی منالّی کورد لەئاست مەرگدا وەك گەلێکی موسوڵمان جیاوازی لەگەلّ تێرِوانینی منالاّنی سەر بەئاینەکانی دیکەدا هەبێت، چونکە ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی رۆژانە ئەوە بیری منالّی کورد دەخاتەوە کەمردوو زیندوو دەبێتەوە، بەهەشت و دۆزەخ هەن، خوا برِیار دەدات ... هتد. بۆیە زۆر قورسە منالێکی وردی کورد بلێ مردوو زیندوو نابێتەوە. هەندێك لەو منالاّنەی هەوڵی خۆکوژی دەدەن پێیانوایە مرۆڤ دوای مردن زیندوودەبێتەوە، بۆیە سەلماندنی پێچەوانەی ئەم گریمانەیە لەلای ئەو منالاّنەی خاوەنی بیری خۆکوژین رۆڵێکی گرنگ دەگێرِێ. ئالێرەدا دەبێ قوتابخانە ئەو پرۆسە پەرەدۆکسالّەی نێوان ئاین و زانست بۆ منالّەکانی ئێمە شیبکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە کاریگەری کولتور بەسەر گرفتی خۆکوژی منالاّنەوە تەوەرێکی بەربلاّوەو لەسەر زیاتر لەئاستێك کاری تێدا دەکرێت. لەلێکۆڵینەوەیەکدا Wenesta & wass،بەراوردی ئەوەیان کردووە کەچۆن منالاّنی ئەمریکایی و سویدی بیر لەمەرگ دەکەنەوە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیاندا گەشتوونەتە ئەو رایە کەبیرکردنەوەکانی هەردوولا بەپێ کولتووەرەکانیان جودا بوون. بۆ نموونە منالّە ئەمریکاییەکان مەرگیان لەبەرگێکی توندوتیژ ئامێزدا وێنا کردبوو بەو پێیەی کۆمەڵگای ئەمریکایی پرِە لەتوندوتیژی و توندوتیژیش بەشێکی باش لەبەرنامەی میدیاکانی ئەوان پێکدێنێت. بەلاّم منالّە سویدییەکان بۆ گوزارشت لەبیرکردنەوەکانی خۆیان وێنەی کلّێسا، خاچ، گۆرِستان و تابوتیان کێشابوو چونکە کۆمەڵگای سویدی کۆمەڵگایەکی ئارام و تەلەفزیۆنەکانیشیان بەئاراستەیەکی دیکەدا کاردەکەن.